# ئەمریكا و سیاسەتی دنەدانی شەڕی تایەفەگەریی!

**سەرنجێک لەبارودۆخەکانی ئێستای عیراق**

**خەسرەو سایە**

k.saya@ukonline.co.uk



**بەدوای تەقاندنەوەی گومەزی جێنزرگەی ئیمامەکانی شیعە لەشاری سامەرا، شارەکانی ناوەراست و خواروو راستەوخۆ سەریان لە شەریکی تایەفەگەریدا دەرهینا و بەم هۆیەشەوە شەپۆلیکی توندو تیژی وکوشتن وتەقاندنەوە و نائارامی یەخەی بەخەلك گرتەوە. بەپی‌ی هەوالەکان تائیستا جگە لەپەلاماری گروپە چەکدارە شیعەکان بۆسەر سوونەکان و بەپیچەوانەشەوە، بۆسەر بارەگای حیزبەکانی یەکتر و تیك وپیکدانی سەدان مزگەوت وتەقاندنەوەی هەندیکی‌تر، بەسەدان خەلکی مەدەنی لەم چەند رۆژەی رابردوودا کەلەمالی خویاندابوون وەیا لەسەر ریگای کار و لەنیو مزکەوتەکاندابوون، بەبی هۆ کوژراون وەیا بەقەمە وچەقو سەریان لەلەشەیان جیاکراوەتەوە.. ئەمانە جگەلەوەی کە دەیان پۆلیس وکارمەندی دەولەت لاشەی کوژراویان فریدراوەتە سەر شەقامەکان وبەم هۆیەشەوە تەواوی ژیانی خەلك لەم شارانەدا براوەتە نیو مەترسی‌یەکی گەورەی شەری ناوخۆ وتایەفەگەری‌یەوە. لەلایەکی‌ترەوە و لەبەرامبەر ئەم بارودۆخانەدا حکومەتەکەی تالەبانی وجەعفەری قەدەغەکردنی هاتوچووی خەلکیان بۆچەند رۆژە راگەیاندووە و تانك و چەکی قورسیان هیناوەتە نیوەراستی شارەکانەوە و پەیتا پەیتاش خەریکی گریٚ بەستی کۆبوونەوەی نیوان زەلمای خەلیل زادەو ئەلحەکیم وئەلهاشمی و سەرانی رەوت ودەستەو تاقمە سوونی وشیعەکانن، گوایە لەم ریگایەوە گەرەکیان بەر بەمەترسی‌یەکانی قولبوونەوەی شەری تایەفەگەری لەعیراقدا بگرن. هەولدانی راستەوخۆی بۆش وپەیوەندگرتنی تەلەفۆنی لەگەل سەرۆکی حیزبی ئیسلامی و ئەلحەکیم وبارزانی وتالەبانی وهاوکات ئامادەبوونی وەیزرەکانی بریتانیاو ئەمریکا لەعیراق وناوچەکەدا بۆ بەرگرتن بەم بارودۆخانە تائیستا هیچ ئەنجامیکی لینەکەوتۆتەوە.. بەلام ئەم بارووۆدخانە لەکوێوە سەرچاوە دەگرن؟**

**چەند رۆژ بەرلەم رووداوانە زەلمای خەلیل زادە لەراگەیاندنیکدا ئەوەی ئاشکراکرد کە حکومەتەکەی ئامادەنی‌یە پارەو پۆلیکی یەکجار زۆر بخاتە پرۆژەیەکەوە کەتایەفەگەری لیدەکەویتەوە، هەروەها ئامادەنی‌یە هاوکاری وپشتیوانی سەربازی ومادی وسیاسی ئەمریکا بخاتە پشت حکومەت ودەسەلاتیکی عیراقی‌یەوە کە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆیی‌یەکەی لەریگای میلیشیای چەکداری شیعەکانەوە دەچەرخی و لەپشتەوە بە ئیرانەوە بەندە.. ئەم راگەیاندنەی خەلیل زاد یەکەمین پرشیکەکانی شەری تایەفەگەری بەدوای خۆیدا هینا، بەتایبەتی کەئەم قسانە سیاسەتی دنەدانی شەری تایەفەگەری ئاشکرا کردو بووە سیگنالیك بۆگروپە سوونی‌یەکان تابۆبردنە سەری بالانسی خویان لەنیو کیتلە بەندی‌یەکانی "شیعەو وکوردەکان"دا، دەست بەرن بۆپەلاماردانی "شیعەکان". بەلام ئەم سیاسەتەی ئەمریکاو ئەم رووداوانەی ئەمرۆی عیراق ریشەیەکی فراوانتر و چوارچیوەیەکی قولتر لەکیشمەکیشی سیاسی هیزەکان وهەلسوکەوتیان لەپەیوەند بەبرانەوەی دەسەلات و ئایندەی حکومەتکردن لەعیراقدا دەخەنەروو:**

**ئەمریکا لەسەرەتای کیشمەکیشەکانی‌یەوە لەگەل حکومتی بەعس و بەری‌خستنی جەنگدا، بەناوی دیموکراتیزەکردنی عیراق وداتاشینی "ئۆپۆزسیۆنیکی بەدیل"ەوە، یەکپارچەیی کۆمەلگای عیراقی لەت وپەت کردو لەنیو تایفەو تیرەو قەوم و شوعبە ئاینی‌یەکاندا دابەشی‌کرد ودواتریش هەر ئەم سیاسەتەی لەدارشتنی دەستوردا جیگیرکرد. ئیستا بەرهەمی ئەم سیاسەتانەو ئەوبەدیلەی کەئەمریکا بەنیازە لەعیراقدا وەك دەسەلاتیکی گویرایەلی خوی جیگیری‌بکات، بەدوای دوومانگ تیپەربوون بەسەر سیناریۆی گالتەجاری هەلبژارندا، بەقەیران وبنبەستی بیچارە گەیشتووە. قەییرانیك کەلەم نیوەدا سیاسەتی دنەدانی شەری تایەفەگەری بەرهەمهیناوە. بەتایبەتی کە دابەشکردنی دەسەلات لەعیراقدا ولەنیوان کیتلەو پیکهاتە قەومی‌یەکان وبالەکانی شیعەو سوونەدا بەجۆریك کە نیازەکانی ئەمریکا وەلامبداتەوە بچارە ماوەتەوە. لەلایەك لیستی هاوپەیمانیتی کوردستانی وتالەبانی وبارزانی، و عەللاوی وحیزبی شیوعی عیراقی وئەوانی دەورو بەریان کەبەتەواوی لەژیر سیبەری سیاسەتی ئەمریکادا هەلسوکەوت دەکەن، ناتوانن ئەوهیزەبن بۆئەمریکا کەهەموو خەونەکانیان لەسەر بینابکری، چونکە ئەمانە هیزی سەرەکی نیو بازنەی دەسەلات نین وتوانای کونترۆلکردنی حکومەت وکۆمەلگایان بەدەستەوە نی‌یە. لەبەرامبەردا ئیئتیلافی شیعەکان کەسەنگی سەرەکیان لەنیو کیتلەبەندی‌یەکانی دەسەلاتدا بەدەستەوەیە، بەراوەستانیان لەکەنار جمهوری ئیسلامی ئیراندا، خەریکی مانۆرلیدانن بۆپاشەکشەکردن بەئەمریکاو سیاسەتەکانی لەعیراق و ناوچکەدا، مانای ئەم واقعیەتە خۆی لەپیداگری شیعەکان لەمانەوەی جەعفەری بۆسەرۆك وەزیران وگرتنە دەستی**

وەزارەتەکانی بەرگری وناوخۆ و نەوت، هاوکات داواکاری ئەلحەکیم بۆ فیدرالیزمی ناوچەیی لەخواروی عیراقدا، دەبینیتەوە، کەراستەوخۆ بەدژی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکایە. لەم نیوەدا ئەوە "سوونی‌یەکان"ن کەبەدژی نفورزی جمهوری ئیسلامی ئیران وداسەپاندنی پاشەکشەیەك بەسەر"شیعەکان"دا بوونەتەوە کارتیکی نیوبەندی بەدەست ئەمریکاوە، لەکاتیکدا ئەم باڵەی ئیسلامی سیاسی خۆیان گرفیتیکن لەسەر ریگای چوونەپیشەوەی سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئارامکردنەوەی بارودۆخەکان.

بەلام بەپیچەوانەی ئیدعای ئەمریکاو لایەنگرانی‌یەوە، کۆتایی هینان بەجەنگ وکوشتار و پشیوی وبارودۆخیك کەعیراقدا ئامادەیە، بەپیکهاتنی حکومەت و ریکەوتنی نیوان ئیئتلافات و کیتلەکانی ئیستای نیو ئەوشتەی کەبە"پرۆسەی سیاسی" ناوزەد دەکری بەدینایەت، بەلکو حکومەت ودەسەلاتیك کەلەم نیوەدا (ئەگەر شانسی پیکیاتنیشی ببیت) خۆی فاکتۆریکی قولبوونەوەی هەرچی زیاتری بارودۆخەکانی ئیستاو دریژە کیشانی جەنگ و تیرۆریزم و شەری ناوخۆو تایەفەگەری دەبی. بەتایبەتی کەلەم بارەوە واقعیاتیکی سیاسی وئیستراتیژی تری هیزە دەرگیرەکانی ئەمرۆی عیراقی لەئاستیکی ناوچەیی وجیهانیدا، چالاك کردۆتەوە.

رووداوەکانی ئیستای عیراق لەدریژەی بەرابەرکی و شەری دوقوتبی تیرۆریستی، ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی دایە. شەریك کەلەبنەرەتەوە بۆ برانەوەی دەسەلاتە لەرۆژ هەلاتی ناوەرستادا. عیراق بۆئەمریکا ناوەندیکە بۆ سازدانەوەی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست وبەریخستنی نەزمیکی نویی، کەتیدا دامەزراندنی سیستەمی یەکتەرەفە و رژیمیکی دیموکراتیکی پرۆئەمریکایی و تەبا لەگەل رەوەندیکدا کە تەسفیەی کیشەو حساباتە کۆن ونوی‌یەکانی ناوچەکە، لەپیشیانەوە مەسەلەی فەلەستین، بەقازانجی خوی چارەسەربکا. لەولاشەوە ئیسلامی سیاسی‌یە کە لەدەرورەیەکی هەلکشانەوەدا سەری هەلداوە ولەپیشیانەوە جمهوری ئیسلامی ئیران بەچەکی ئەتۆمی‌یەکەیەوە راوەستاوە، وتیدەکۆشی تا دابەشکردنی دەسەلات لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا بەزەرەری ئەمریکاو بەقازانجی پیکهاتوە ناوچەیی‌یکەی لەمیسرو فەلەستین ولوبنان و عیراق وسعودیە بباتەپیشەوە. لەم چوارچیوەیشدا شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعیراق ناوەندیتی‌ترین ئەرکە کەئیسلامی سیاسی خستویەتی‌یە بەردەم خۆی. بەلام ئەوەی ئیستا دەبینری وبۆتە واقعیەتیك دنەدان وپەرەدانە بەشەری تایەفەگەری وپەرینەوەیەتی لەسنورەکانی عیراقەوە بۆ گشت ناوچەکە، ئەمەش وەك یەکیك لە سیاسەتە بنەرەتی‌یەکانی هەردوولا، بۆ پیشرەوی نواندن لەبەرامبەر یەکدا دەستی بۆدەبری. بەلام ئەم کیشمەکیش و ئەم رووداوانە چ ئاکامیکیان بۆسەر خەلکی عیراق دەبی؟ ئایا ئاسۆیەك و دەروازەیەك لەبەردەم خەلکدا کراوەیە، تاچیتر بەلای شەرو کوشتن و رکەبەری قەومی وتایەفەگەری ژیانی ئەوان نەهاڕی؟

نەك هەر لەرووداوەکانی ئەمرۆژانەدا، بەلکو بەدوای حزوری ئەمریکا لەعیراق و چالاکبوونەوەی دەستەوتاقمی ئیسلامی هیچ ئاستیك بۆژیان و ئارامی وبەریوەچوونی کۆمەلایەتی لەبەردەم خەلکی عیراقدا نەماوە. داروخانی بنەماکانی کۆمەلگا، وپەرەگرتنی تیرۆرو تەقاندنەوە و کوشتن و دزینی ئیسنان و لەبەین چوونی یەکجاری ئازادی وبژیوی کۆمەلایەتی حالەتیکی بەردەوامی کۆمەلگای عیراقە. ئەوەی کەئەمریکا لەسەرەتای جەنگەوە رایدەگەیەند کەگوایە"فریشتەی نەجاتە" و"دیموکراسی و ئاشتی" پی‌یە، بەتەواوی پوچی خۆی نیشانداوە. هەروەها ئەوەشی کەئیسلامی سیاسی سەبارەت بە"حوکمی خوا" و"دەسەلاتی مەلاکان لەسەرزەوی" و"کۆمەلگای عەدالەت و فەزیلە" وتویانە راستی‌یەکانی خۆی لەکارنامەی چەند سالی رابردوودا لەلایەن هەموو بالەکانیەوە سەلماوە. تەنانەت ئەوەی کە لیبرال و دیموکراتخوازەکان پیان وایە کە بەدامەزراندنی "حکومەتی یاسا"و" دیموکراسی تەوافق" لەدەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی‌یەکانی ئیستا، کەهەریەکەیان سەریان بەدەولەتانی ناوچەکەوە بەندە، عیراق ئەتوانی سەرلە "تەجروبەیەکی تازە"وە دەربهینی، جگە لەخەیالات و وەهمیکی درۆ شتیکی تر ناسەلمینی. بەپیچەوانەوە عیراق بەریکەوتن و بەبی ریکەوتنی ئەم دەستەوتاقمە ئینسان کوژ و کۆنەپەرستانە ئاسۆیەکی تری لەبەرنابی جگەلە دریژەکیشانی سیناریۆیەکی رەش کەنائەمنی وشەر وپیکدادانی قەومی وئاینی وتایفەگەری وتیرۆریزم وکاولکاری، خاسیەتی جیا نەکراوەیەتی. کیشمەکیش و ریکەوتنی ئەمانە لەحکومەت و لەدەرەوەی حکومەتدا، تەنها بۆدزینی دەرامەت وفراندنی پاروی دەمی خەلك و پەرەدانە بەفەساد و گەندەلییەك کەتەنها گیرفانی تاقمیك عەسابەو مشەخور پردەکاو لەولاشەوە ئازادی وحورمەتی ئینسانی وئاسایش وژیانی ملیۆنەها ئینسان سات بەسات بەبارمتە دەگری.

خەلکی عیراق دەبی لەدەرەوەی بازنەی ئەم کیشمەکیش و بەرابەرکی‌یەی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی و دەستەو تاقمی قەومی وتایفەگەری، رابووەستن و ریگای خۆیان بگرنەبەر. ئەوەتەنها ئەوانن کەدەبی کۆمەلگای خۆیان لەم بنبەست و شەرو سیناریۆ رەشە نەجات بدەن. ریگای ئەوان گریدانەوەی ئومید نی‌یە بە ئەمریکا وئیسلامی سیاسی و لایەنە قەومی‌یەکانەوە.. بەپیچەوانەوە هاتنە مەیدانی هیزی ریکخراوو سەربەخۆی خەلکی عیراق لەهەرقەیرانیکدا، بەرووی هەردوو بەرەی تیرۆرییستی، بەشیعاری چوونەدەرەوەی ئەمریکاو برینی دەستی ئیسلامی سیاسی لەسەر ژیانی کۆمەلگا، دەتوانی تەنها ئاسۆیەك بیت بۆگیرانەوەی مەدەنیەت و ئاسایش بۆ عیراق.. لەم راستایەشدا کۆنگرەی ئازادی عیراق سەنگەریکە بۆخوریکخستن وهینانەمەیدانی بزوتنەوەیەکی لەمجۆرە.

25/2/2006